

# وەنەوشەیی و سەوزی کاڵ
# لە ڕەنگە جوانەکانی بەدڵلەی بووک



هەڵبژاردنی جلی بووکە جوانەکان، دەبێ لەگەڵ شێواز و جوانی جەستەیان بگونجێت، چەندەها شێواز و جوانی جەســـتەی بووکەکان هەن، دەکرێت شێوازەکانی دیکەش ئامادەبکرێن لە جوانی بەدڵلەکانی بووك، تایبەتمەندی جلی بووك لە ڕەنگ و شێوازی دەردەکەوێت، بە لایەنێك ئەو بەدڵلەیە بە ســـانایی و کراوەیی دەبێت. ڕێگاکانی هەڵبژاردنی جلی خانمانی بووك، بە ڕازاوەترین شێوازەکان هەڵدەبژێردرێت و، بەم دواییەش (٣) ڕەنگ و شێوازی جوان هەڵبژێردراون بۆ جلی بووکان، ئەو ڕەنگانەش بریتیین لە : ڕەنگی (سپی – وەنەوشەیی – سەوزی گەڵایی (کاڵ). بەمەش دەتوانرێـــت وەك ڕەنگێکی تایبـــەت بۆ بەدڵلەی بووکە جوانەکان هەڵبژێردرێن و بە شـــێوازێك لەگەڵ قەبارە و جەســـتەی خانمی بووك بگونجێت، ئەمجۆرە مۆدێلەش ڕەنگی سپی تێدایە و ئەویش جوانی خۆی هەیە.







## برۆكانت س

بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی ماکیاژی ڕووخسار و دەم و چـــاو، دەبێ گرنگی بە گشـــت بەشـــەکانی دەم وچاو بدرێت، بە تایبەت ئەو شـــوێنانەی بە تەواوی دەردەکەوێت لە کاتـــی جوانی و ڕازاندنـــەوە، یەکێك لەو لایەنانـــە بریتییە لـــە گرنگی دان بە جوانـــکاری (بـــرۆ)، وەك هێمایەکی سەرەنجراکێش و کراوە لەگەڵ جوانی چاو دەبینرێت. چەندەها شێواز و شێوە هەن بۆ

## ڕازاندنەوەی مێزی نانخواردن نیشانەی بەهرەی خانمانە

یەکێـــك لـــە بەهرەکانی خانمانـــی ماڵ، لە ئامادەکردنی کەرەستە و جوانی ژووی جێشت لێنـــان دەردەکەوێت، مەبەســـت لەوەش کاتێك ئەو ژوورە بە شـــێوازێکی جوانتر یان ناسکی دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی نازناوێکی گەورە بۆ ئەو خانمانەی شێوازەکەی داناوە. بە تایبەت زیاتر تێبینی دەکرێت لەســـەر کەرەستەکانی جێشت و سەر مێزی خواردن.دەبێت خانمان زۆر بە وریایی کەرەستەکان لە نزیکی یەکتر، ئەوەی پەیوەستە بە کەرەستەکانی دیکە بەیەکەوە بن، لەگەڵ دانانی ڕێکخســـتنی نێوان کەرەستە بچووك و گەورەکان. یەکێك لە بەشـــە هەرە گرنگەکان بریتییە لە ڕازاندنەوەی سەرمێزی خـــواردن و زیاتریش کاری جوانکاری بۆ ئەو شوێنە ناسکە، وەك ڕێگەیەك بۆ جوانی مێزی نانخواردن و ژووری چێشت لێنان.







# ئێکسسوار بە ڕەنگی ئەڵماس



ئێکسسوارەکان زیاتر خانمان ڕازاوەتر دەکەن، بە تایبەت ئەگەر ئەو ئێکسسوارانە لەگەڵ خواســت و جوانی ئەو خانمانە بگونجێت، یەکێــك لە گرنگی و جوانی ئێکســـسوار بریتییە لە ڕەنگ و شێوازەکەیەتی، تەنانەت دەکرێت ئێکسسوار جوانییەکی گەورە بدات بە جەستە و ڕازاندنەوەی خانمان بە گشتی، زیاتریش گرنگی دەبێت لە جلوبەرگ، یەکێك لە جوانترین ئێکســـوارەکان بریتییە لەو ئێکســـوارەی لە ڕەنگی ئەڵماســـی یان ڕەنگـــی ئاوی نەخشـــێنراوە، بەمەش دەکرێت لەگەڵ ڕەنگی پێســـت بگونجێت و زیاتریـــش ڕازاوەیی و سەرەنجڕاکێشـــی پێوە دەردەکەوێت، ئـــەو ڕەنگە بە جوانترین شێواز لە جەستەی خانمان دەردەکەوێت و لە جوانی ئێکسسوارەکانی دیکە جیاوازییەکی گرنگی هەیە، دەتوانن ســـوود لە ڕەنگ و شێوازی ئەو ئێکسسوارە وەربگرن.

# دیکۆرێک لە ڕەنگی وەنەوشەیی

ئەو کاتە هەستت بەرامبەر ماڵ و دیکۆری گشتی کەرەستەکان جوانتر دەبێت، کاتێك لە ڕێگەی دانانی شـــێواز و ڕەنگێکی تایبەت بۆ دیکۆری ماڵ دادەنرێت، بۆیە دەبێت بە جوانترین ڕێـــگا هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی ڕەنگەکان بە جۆرێك پەیوەست بێت بە جوانی دیکۆرەکە. یەکێك لەو ڕەنگانەی جوانییەکی گەورەی هەیە بۆ ماڵ، بریتییە لە ڕەنگی (وەنەوشـــەیی). تەنیا ڕەنگێکـــە دەتوانێت دیکۆرێکی سەرەنجڕاکێش و سیحراوی نیشان بـــدات، لەگەڵ ئەوەی جوانی دیکۆرەکە بە کراوەیی و ناســـکی دەردەخـــات. دەکرێت لێکچوونێك بکەین نێوان ڕەنگی وەنەوشەیی و ڕەنگـــی پەمەیی تۆخ، ئـــەو دوو ڕەنگە زیاتر لە دیکۆرەکانی ماڵ بەکاردەهێنرێن و جوانییەکی گەورەش دەبەخشن.







## ــــەرنجڕاکێشە؟

هەڵبژاردنی شێوەی برۆ، لەوانە : شێوەی مانـــگ – لاری – کەوانە – ڕاســـت، لەگەڵ چەندین شێوەی دیکەش. ئەوەی لەم مۆدانە باســـی دەکەیـــن، بریتییە لە مۆدەی کەوانە بۆ دانانی شێوەی برۆ، وەك مۆدەیەك سەرەنجڕاکێشـــی و جوانی پێوە دیارە، لەگەڵ جوانی چاو دەگونجێت، بە مەرجێك دەبێت پشت و سەرووی چاوەکان بە ناسکترین شێواز ئامادەبکرێت.





## دەمە گەورەکان

یەکێك لە مۆدە سەیرەکانی جیهان، ئەوەی نەوەك دەربارەی جلوبەرگی مرۆڤە، بەڵکو پابەندە بە جەستەی مرۆڤ و رازانەوە و کاری تازەگەری لە شێوەی مرۆڤ. ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تایبەت و جوانە لەلایەن چەند هۆزێك لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا. ئەوەی سەیر بێت لەلای ئەو هۆزە دەبێ مرۆڤەکان بە پیاو و ئافرەت دەمیان وەك لاستیك گەورە بێت.


بۆیە هەر لە منداڵییەوە دەم و لێوی خۆیان دەدەنە بەر لوولەیەکی بازنەی گەورە و، بۆ ئەوەی دەم گەورە بکات، وەك ئەوەی لەم وێنانە دەبینن چۆن مۆدەی دەمە گەورەکان بە جوانترین شێوە لەلایان خۆیان ئامادەکراوە.





## پایسکلە سەیرەکان

کەرەستە جوانەکان بە جوانترین شێواز دروست دەکرێن، وەك ئەوەی کارێکی تایبەت و جیاواز بێت لەوەی چۆن لە کەرەستەکانی پێشوو شێوەیەکی دیکەی هەبێت، ئەمەش بۆ زیاتر سەرەنجراکێش بوون و کاری تازە. ئەوەی دەبینن چەند جۆرێکە لە پایسکلە سەیرەکان، شێوەی ئەو پایسکلانە لە پایسکلی دوو تایەی ئاسایی جیاوازترە و کاری تازەی بۆ کراوە. یەکێك لەو پایسکلانە جێگەی (٢) کەس دەبێتەوە و هەر یەکە بەرەو ئاراستەیەك دەتوانن برۆن، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکیان دەتوانێت پایسکلەکە لێبخورێت. ئەوەی دووەم بریتییە لە بەرزترین پایسکل، ئەوەی سێیەمیش سەیرترین شێوەی لەخۆ گرتووە.







## هاوڕێیەتی لەگەڵ مار

ترسناکترین جۆرەکانی مار بریتییە لە ماری (کۆبرا)، چونکە توانایەکی زۆری هەیە لەوەی بە مرۆڤ و یان هەر گیاندارێکی دیکە وەبدات و راستەوخۆ بیکوژێت. ئەمەش بەهۆی بەهێزی ژەهرەکەی کە دەتوانێت لەگەڵ خوێنی گیانداری دیکە تێکەڵ ببێت. کەچی ئەو قسانە لەلایەن ئەو پیاوە پێچەوانەیە و لەگەڵ بوونی ترسێکی زۆر، دەتوانێت لەگەڵ ماری

## شلەی کرم و خواردن

خواردنە سەیرەکان رەنگە لەلای ئێمە بە قیزەوەنترین و ناخۆشترین خواردن دابنرێن، کەچی لەلای کەسانی دیکە وەك خواردنێکی خۆش و تایبەت دەردەچێت، تەنانەت ئەوەندە حەزی پێدەکەن، بۆیە دەبێ ئێمەش رێز لە خواردنەکانیان بگرین و جار جارەش بڵاویان بکەینەوە لەوەی ئەو جۆرە خواردنانە چین کە دەیخۆن. ئەوانەی دەیانبینن بریتییە لە چەند جۆرە خواردنێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا







# سەری پیاو و ئافرەت یەکسانە لە هێز!

ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی بەهێزن، یان بەشێکی جەستەیان بەهێزە، دەتوانن چەندەهـــا کار و نمایش ئەنجام بدەن بە جۆرێك دەبێتە جێگەی سەرســـوڕمانی گشت کەســـێکمان. ئەوەی دەیبینن دوو کەسن دەتوانن بە هۆی بەهێزی سەریان چەندەها شت لەسەر سەریان هەڵبگرن و بەبێ ئەوەی ئازارێکینان پێبگات.

ئەوەی یەکـــەم ئافرەتێکە لە وڵاتی (ســـۆماڵ) کاری کرێکاری دەکات لە بینکاری، دەتوانێـــت چەندەها بلۆك و کەرپووچ لەسەر سەری هەڵبگرێت بەبێ ئەوەی سەری شتێکی بەسەر بێت. ئەو پیاوەی دووەم لە وڵاتی یەمەن دژییێت، توانـــای هەڵگرتنـــی عارەبانەیەك یان شتی گرانتر و نمایشی سەیرتر ئەنجام بدات.



# ئەمە خانووە یاخود ئۆتۆمبێل؟

ئەگەر ســـەیرێکی ئەو شـــتە بکەن، وا هەســـت شـــەمەندەفەر بێت، کەچی لە راســـتیدا ئوتۆمبێلە و بـــە جوانترین ئوتۆمبێل دادەنرێت. لە وڵاتی ئەمەریکا لەلایەن گەنجێك، پێشـــتر لـــە یەکێك لە کۆمپانیاکانی دروســـتکردنی ئوتۆمبێل کاری دەکـــرد، توانـــی درێژترین و گەورەتریـــن ئوتۆمبێل دروســـت بکات. درێـــژی ئوتۆمبێلەکـــە دەگاتە نزیکەی دوو خانوو، واتـــە هەر خانوویەك (٢٠٠) مەتـــری و زیاتریـــش لـــەم درێژییـــە، هەروەها شێوەی پێشەوەی هەمان شێوەی خانوویەکی هەیـــە. چاکترە بڵێین، ئەمە خانووە نەوەك ئوتۆمبێـــل. درێژییەکەی دەگاتـــە (٥٠) مەتر، بە (١١) تایە کار دەکات و دەڕوات. گشت شتێکی تیایدایە و دەکرێت خێزانێکی (١٠) کەسی لە ناو ئەو ئوتۆمبێلە بژین.





کۆبرا هاوڕێتی بکات و دواتریش نمایشی سەیریان لەگەڵیاندا ئەنجام بدات. (خوایتۆ رۆدریگز) هاوڵاتییەکی وڵاتی بەرازیلە و لە تەمەنی منداڵیەتی توانیوویەتی لەگەڵ مارە ترسناکەکان هاوڕێتی و دۆستایەتی ئەنجـــام بدات. وەك لـــە وێنەکەدا دەبینین ســـەرەڕای ئەوەی دۆســـتایەتی لەگەڵ ماردا هەیە، کەچی بە ترســـەوە جووڵەو مامەڵە لەگەڵ مارەکانی دەکات.


## ـــی بێچووە جورج


دروســـت دەکرێن، وەك: کۆریا – چین – ژاپۆن – فلیپین – مالیزیا. خواردنەکانیش بریتییە لە: شـــلەی کرم، بێچووە جورج و مشك، کرم و کەباب.

چەندیـــن خواردنـــی دیکـــەش ئێمە ناتوانین ســـەریان بکەیـــن، بەڵام دەبێت ئێمـــەش بزانین ئـــەو جـــۆرە خواردنانە تایبەتە لەلای خۆیان و نابێت بە شتێکی قیزەونـــی دابنێین، چونکە خۆیان حەزی پێدەکەن و دەیخۆن.









## وەرزشکارێکی بێ دەست و قاچ

لە ژمارەکانی پێشوو باسی ئەو پیاوەمان کرد بەهۆی ڕووداوێك نیوەی جەستەی خوارەوە نەبوو، بەڵام ئەو دەبوایە بە یارمەتی کەسانی دیکە جووڵە بکات و نان بخوات.

کەچی ئەگەر سەیری ئەو پیاوەش بکەین هەمان حاڵەتی ئەو نیو پیاوەی هەیە لە جەستە، بەڵام جیاوازی ئەوە لەوەی دیکە ئەوەیە کە خۆی دەتوانێت چەندەها کار و لایەنی وەرزشیش ئەنجام بدات.

ئەوەی دەیبینن ناوی (نیك فۆجیك)ە و لە ویلایەتی لۆس ئەنجلیسی ئەمەریکی دەژیێت و، لە توانایدایە چەندەها یاری وەرزشی وەك: مەلە کردن – تێنسی سەر زەوی.

سەرەڕای ئەوەی ئەو پیاوەی پێشوو دەستەکانی هەبوو، کەچی ئەوە دەستیشی نییە و ئەم کارانە ئەنجام دەدات.


## پانتۆڵی گڵۆپ و فسفۆر



مۆدە سەیرەکانی جلوبەرگ لە چرکەیەکدا دروست دەکرێن و پەیدا دەبن، مەبەست لەو مۆدانە بۆ سەرەنجراکێشی و دروست کردنی جەماوەر بۆ ئەوەی وەك کەرەستەیەکی بازرگانی کاری پێبکرێت یان بۆ نازناو ئامادە دەکرێت. ئیتر دەتوانین شەوانە بە ڕێگای تاریکی بڕۆیت و بەبێ ئەوەی ڕووناکی هەبێت، دەوراوپشتی خۆمان ڕووناك بکەین. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پانتۆڵەیە ماوەیەکە پەیدا بووە، سەرتاپای پانتڵۆلەکە لە گلوپ و فسفۆر دروست کراوە، دەتوانێت ڕووناکییەکی تەواو بدات و پێشەوە و دوواوەی ئەو کەسەی لەبەری دەکات ڕووناکی بکاتەوە.

## مۆبایل

دروستکردنی کەرەستە سەیرەکان، بە جوانترین شێوە ئامادەدەکرێت و دەکرێت بە شتێك بۆ ئەوەی جێگەی جوانی و سەرەنجراکێش بوون بێت. تەنانەت بە جۆرێك ئەو کەرەستانە دروست دەکرێن جێگەی سەیر و سەمەرەش لە خۆ دەگرێت.



## گەورەترین سەلاجە دروستکرا

دروست کردنی کەرەستە گەورەکان دەبێتە یەکێك لە شتە سەیرەکان بە جۆرێك جێگەی سەرسوڕمانی و سەرەنجڕاکێشی گشت خەڵکێك، ئەوەی دەیبینن دەبێتە سەیرترین کەرەستە، ئەمەش بریتییە لە گەورەترین سەلاجە! سەلاجەکە لە وڵاتی کەنەدا دروست کراوە و لە ناوەڕاستی شوێنە گشتییەکان دروست کراوە و بۆ ئەوەی خواردنەوەی لێوەی دابنرێت.



# منداڵی گەنج و گەنجی منداڵ!

گەیشتوون بە زەمانێك نابێت بە شێوە و قەبارە باوەڕ بکەین، چونکە جیاوازییەکان بەرەو گۆڕانکاری سەیر ڕێگەیان گرتووە و تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی گەنجێك منداڵ بێت، یان منداڵێك گەنج بێت. ئەوەی باسی دەکەین ئەو منداڵەیە یان ئەو کچە خانمیە شێوەی وەك منداڵێکی (٤) ساڵان دیارە، کەچی تەمەنی خۆی (١٦) ساڵە. ئەم منداڵە لە وڵاتی ئەمریکا دەژییت و ناوی (بروك گرینبێرگ)ە، درێژی باڵای تەنیا لە ژێرەوەی (٦٠) سەنتیمەتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا جەستەی وەك منداڵێکی ٣ تا ٤ ساڵان وایە. وەك لە وێنەکەدا دەبینین وەك منداڵێکی بچووك دەردەکەوێت و تەمەنی راستەقینەی (١٦) ساڵە.



## ـــــى دار



ئەوەی دەبینین پارچە دارێکی بچووکە، رەنگە بەبەرچاوتان بکەوێت و فڕێی بدەن، بەڵام چاکترە فڕێی نەدەن، چونکە لەوانەیە کەرەستەیەکی بەسوود بێت وەك : مۆبایل !! ئەوەی لەم دارە دەبینین مۆبایلە و خراوەتە ناو دار، بەمەش دەبێتە سەیرترین مۆبایلی ئەو سەردەمە لە دار دروست کرابێت.

# قاچ بۆ برِینەوەو دەستیش بۆ رۆیشتن



وامەزانن ئەوانەی بەشێکی جەستەیان نییە یان بەهۆی رووداوێك یان کارەساتێك بەشێکی جەستەیان نەماوە، دەبێ بڕوامان بە تواناکانی ئەو کەسانە هەبێت. ئەوەی دەبینین یەکێکە لەو مرۆڤانەی بەبێ ئەوەی قاچەکانی کار بکات، تەنیا وەك شتێك بە جەستەی وایە و ناتوانێت کاری پێبکات.

ئەم پیاوە لە وڵاتی هیندستان دەژییت و ناوی (شەمیخان)ە، قاچەکانی ئەوەندە بچووکە ناتوانێت کاری پێبکات، لە بری ئەوە بەهۆی دەستەکانی دەڕوات، وەك دەبینین چۆن نەعلی لە دەستەکانی خستووە و لەسەری دەڕوات، هەروەها قاچەکانی وەك شتێکی زیادە وایە لە جەستەی، بۆیە بیری لە بڕانەوەی قاچەکانی کردۆتەوە و رەنگە لە داهاتوودا بیانبڕێتەوە.



## بابووجێكی سەراوژێر



ئـەوەی دەیبینـــن یەكێكــە لــە پێڵاوە راســتەقینەكانی ئافرەتـــان، وەك ئەوەی بە (بابوج) دەناســرێت، دەبێتە یەكێك لە سەیرترین شــێوازەكانی بابووجی خانمان، ســەیری ئەو بابووجە لە شــێوەكەیەتی، چونكە ســەراوژێر دروست كراوە و لەوەی پێشـــەوەی بەرەو پێشەوە بێت، كەچی بەرەو سەرەوە دانراوە، بە پێچەوانەش دواوەی بەرەو خـــوارەوە هاتووە، دەكرێـــت ئەم بابووجە لەلایەن هەر خانمێك بپۆشرێت بەبێ ئەوەی كێشەی بۆ دروست بكات.

## خانوو لە شێوەی گیانداران

چەندەها باڵەخانە و خانوو لە شێوەی سەیر و جوان دروســـت دەكرێـــن، بەمەش دەبێتە جێگەی سەرســـوڕمان و سەرەنجراكێشی گشـــت لایەك، یەكێك لەو شێوانە بریتییە لە دروســـت كردنی خانوو لەســـەر شێوەی گیانـــداران، وەكو لە هـــەردوو وێنەكاندا دەبینن، دوو جۆرە خانوو دروســـت كراوە لە شێوەی ( سەگ و قاز)، هەریەكیان هەمان شـــێوازی خانووی تێدایە، تەنیا شـــێوەی دەرەوەی وەك گیاندار وایە.







ئـەوەی دەیبینـــن كاریكاتێرێكە، باس لە شێوازی مۆدەكانی جلوبەرگی ئەو زەمانە دەكات، ئەو جلەی لە وڵاتانی رۆژهەڵات و بە تایبەت لەلای خۆمان دەپۆشـــرێت، شـــێوازی جلەكەش دوو مـــۆدەی لە خۆ گرتـــووە، یەكێكیان مۆدەكانـــی رۆژئاوا و ئـــەوەی دیكەش مـــۆدەی رۆژهەڵات، وەك ئـــەوەی كچێك قاچـــی رووت بێت و رەفتەشی لەسەر بێت!

## بۆ ئاســـــوودەیت

☺ - جارێكیـــان پیاوێـــك و خێزانەكـــەی و منداڵێكیان دەبێت لە ماڵ دەبن، منداڵەكە بە دایكی دەڵێت: دایـــە حەز دەكەم ســـواری كەر ببم و بچمە سەر پشتی... ئافرەتەكەش بە پیاوەكە دەڵێت: پیاوەكە ئەو منداڵە بخەرە سەر پشتت و با دڵی دابكەوێت!

☺ - كابرایـــەك بۆ یەكەمجاری بوو بچێتە شاری بەغدا و بە فڕۆكە بچێت، وادیارە فڕۆكەكە بە خێرایی دەڕۆیشت و بـــە نزیكەی (٤٥) خولەك دەگاتە بەغدا، كابراش گوتی:
بمزانیایە بەغدا ئەوەندە نزیكە بە پێ دەهاتم!



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
لە ناوەڕاســـتی ئەم هەفتەیـــەدا كاتێكی خۆش لەگەڵ ئەو كەســـەی خۆشت ئەوێت بەسەر دەبەی، كاتێك بەیەكەوە بەشداری لە بۆنەیەكی كۆمەڵایەتیدا دەكەن.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
بۆ هەر كارێكی گرنگ راوێژ بە كەسانی دەوروبـــەرت بكـــە، ئەگەر تەنیا پشـــت بە بڕیاری خۆت ببەســـتیت لەوانەیە شكست بێنیت، زیاتر بایەخ بە پەیوەندیەكانت بدە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
توانای ئـــەوەت هەیە بگەیتە ئەو ئاواتەی كـــە خەونی پێـــوە دەبینی، بۆیـــە كاتێك گرفتێكی بچووك هاتە ســـەر ڕێگات بێ هیوا مەبە، لەسەركەوتنت دڵنیا بە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
هەســـت بە نائومێدی دەكەی بەهۆی بێ وەفایی یەكێك لە هاوڕێكانت، پێویستیت بە هەندێ ڕاهێنانی وەرزشـــی هەیە كە سوودی زۆر دەبێت بۆ تەندرووستیت.




**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
ئەم هەفتەیـــە داوات لێ دەكرێت بڕیارێكی یەكلاییكەرەوە بدەیت دەربـــارەی بابەتێكی گرنـــگ و هەســـتیار، بە ســـۆزەوە مامەڵـــە لەگەڵ خۆشەویستەكەت بكە و میهرەبان بە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
كەســـێك هەوڵ دەدات تووڕەت بكات بەڵام باشـــترین وەڵام بۆ ئەو كەســـە بێدەنگییە. پێویســـتە زیاتر گوێ بگریت نەك قسە بكەیت. وامەكە كێشە تایبەتیەكانت كار بكەنە سەر تەواوی ژیانت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



**ئاسۆیی:**

١- کچە گۆرانبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢-ژمارەیەکە(پ)- نەخێر- گیانلەبەرێکە(پ).
٣-پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە- گۆڤارێکی کوردییە(پ).
٤-لادی(پ)-ڕێگا(پ)- نیوەی نازم.
٥-دراوێکە- شاعیرێکی کوردبوو.
٦- دورگەیەکە لە ئەندونیسیا بانکە(ت).
٧- گەشاو(ت)- ساڵ(ت)-چەکێکی کۆنە(ت).
٨-سێ پیت جیاواز- جۆرە فڕۆکەیەکە- یاری(ت).
٩- وەکو یەك- دەست- جۆرە فڕۆکەیەکە.
١٠- سێ پیتی جیاواز- نیوەی نیان-تەن(ت).
١١- خۆشەویست- پارێزگایەکی عێراقە-ژیر(ت).
١٢-پزیشکێکی فەڕەنسی سەماعەی پزیکی دۆزیوە.

**ستوونی:**

١- شاعیرێکی کوردبوو.
٢- سەرکردەیەکی هیندی بوو(پ).
٣- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکی بوو- ڕووبارێکە- میوەێکە.
٤- هاوینە هەوارێکی کوردستانە(پ).
٥- دوو پیتی دایك- بەشی پەروەردە و فێرکردن لە نەتەوەیەکگرتووەکان(پ).
٦- دورگەیەکی ئەمەریکیە(پ).
٧- ژمارەیەکە(پ) - کانزایەکە(پ) نەخۆشیەکە.
٨- ڕۆمانێکە- دەرد.
٩- چیایەکە لە ئەفغانستان (پ).
١٠- مال(ت)- پرس- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
١١- گۆڕەپانێکی بەناوبانگە لە چین.
١٢- ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرشلۆنە بوو.

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کۆکراوەی دوو ژمارەی (٥)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وشـــەیەکە بۆ پیاوە گەورەکانی لادێ بەکاردەهێنرا – گێڕێکی ئوتۆمبێلە و بەرەو کاتێك بەرەو پاش دەڕوات)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی گەورەیە و زیاتر لەناو بەفر دەژییێت و بە کوردی و عەرەبی هەمان ناوی هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٦+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو کەرەستەیەی شلەی دەخرێتە ناوی)!

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دۆلاراوە) بوو**




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پەیوەندیەکانــت لەگەڵ هاورێ و کەســە نزیکەکانت لەباشــترین ئاست دا دەبێت لەم هەفتەیەدا. کەســێك لەکاتی پێویست دا بەهاناتەوە دێت و یارمەتیت دەدات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ڕێگە بە هەموو کەســێك مــەدە بێنە ناو وردەکاری ژیانی تایبەتــی خۆتەوە، ئەوان مەبەســتی تریان هەیە نــەك یارمەتیدانی تــۆ، بەم نزیکانــە داواکاریەکت پێشــکەش دەکرێت بۆ بەشداریکردن لەکارێکی گرنگ دا.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بڕوا بــە خۆبــوون گرنگتریــن هۆکاری سەرکەوتنە ئەو پڕۆژەیەی ئێستا بیری لێ دەکەیتەوە پێویســتی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە بەڵام بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ دێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هاوڕێیەکــت زۆر ڕەخنــەت لێ دەگرێت ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە تۆی خۆشناوێت بەڵکــو بەرژەوەندی تۆی دەوێت، بەگیانی وەرزشــی ڕەخنەکانی وەربگرە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

چەند گۆڕانکاریەکــی بچووك دەبێتە هۆی باشــتر بوونی باری داراییــت، بەخت دەبێتە هاورێت بۆیە ئەو پڕۆژانەی ماوەیەکە دواتخســتوون ئەم هەفتەیە جێبەجێیان بکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ســەفەر کردن لەم ماوەیەدا کارێکی باشــە ئەگەر حەزیشــت لەســەفەر نییە وا باشە بانگهێشــتی هاورێکانت بکەیت و کاتێکی خۆشــیان لەگەڵ بەسەر ببەی.

hemntoni@yahoo.com